
# ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا

**بەشی سێ**

**هۆمەر قەرەداغی**
**بەڕێوەبەری پەروەردە**
**ستۆکهۆڵم/ سوید**



سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی جۆرێکی تایبەتی لە ڕێبەر، ڕێبەرایەتی وڵاتێک بکات. شێوەی ڕێبەرایەتیەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاستی ڕێگەپێدانی کۆمەڵگاوە بە دانی دەسەڵات بە ڕێبەرەکە، هەیە . لە سیستەمێکی دیموکراتیدا، دیمۆکراتی تەنیا لە دەسەڵاتی سیاسیدا نیە بەڵکو دیاردەکە بە پانتایی دەماروخوێنی هەموو کۆمەڵگادا بڵاوبۆتەوە. وڵاتێک هەرگیز سەرکردەی دیکتاتۆری نابێت ئەگەر لە خێزاندا دیکتاتۆرێک نەبێت. ستروکتوری خێزانەکان، ستروکتوری دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگا دروستدەکات. ئەگەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگای بە دیکتاتۆریەتی پیاو لە خێزاندا، بەڕێوەبەر لە قوتابخانەدا، مامۆستا لە پۆلدا دابێت ئەوە پەیوەندیە سیاسیەکانیش ڕێگا بە دیکتاتۆریەتی ڕێبەری وڵات لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەدات. وەک دەوترێت کۆمەڵگا شایانی ئەو سەرۆکانەیە کە هەیەتی. دەسەڵاتی پیاوسالاری و ستروکتوری سیستەمی نەخوێندەواری لە عێراقدا، سەدام حسێنی بەرهەم هێنابوو.

کاتێک هەڵەبجە کیمیابارانکرا مامۆستایەکی سویدی هاوڕێم لە ستۆکهۆڵم هات بۆ لام و وتی باشە ئێوە بۆ ڕێگەتان داوە بە سەدام کیمیابارانتان بکات؟ لە فەرهەنگی دیموکراتی ئەو هاوڕێیەمدا کیماویبارانی وڵات لە لایەن ڕێبەرەکەیەوە نەبوو. ئاستەم بوو بۆی بیر لەوە بکاتەوە کە سەرۆکانی وڵات وەک ئولوف پاڵمێ و ئینگڤار کارڵسۆن کیمیاویبارانی شارێکی سوید بکەن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لای ئەو مامۆستایە بوونی نەبوو. لە عێراق نەک هەر بیرکردنەوەکە بەڵکو کردارەکەش ڕوویدا لە بەرئەوەی لە فەرهەنگی دیکتاتۆری وڵاتدا کۆمەڵگا دەستی سەدام حسێنی واڵا کردبوو بۆ ئەو کارەی کە خۆی بڕیاریبدایە. هیچ تۆڕێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی نەبوو کە سەدام لە جوڵە بخات.

زەبروزەنگ لە عێراقدا لە گەڵ سەدام دا نەهات و بە نەمانی سەدامیش کۆتایی نەهات. بەڵام سەرکردە دەتوانێت کاریگەری هەبێت، هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێز یا لاواز بکات. سەدام دیاردەی زەبروزەنگی لە عێراقدا بەهێزکرد. نیڵسۆن ماندێلا دیاردەی زەبروزەنگی لە ئەفەریقای باشوور دا لاوازکرد.

لە ئەفسانەیەکدا دەگێڕدرێتەوە کە ڕۆژێک دەرمانی شێتی دەکرێتە تانکی ئاوی شارێکەوە، خەڵکی شارەکە هەموویان شێت دەبن، تەنیا ماڵی پاشا نەبێت چونکە ئەوان لە ماڵەکەی خۆیاندا بیرێکی ئاوی خۆیان دەبێت. پاشا کە سەیردەکات شار هەمووی شێت بووە، خەڵکەکەی کۆدەکاتەوە و قسەیان بۆ دەکات و بۆیان ڕووندەکاتەوە کە هوشیار ببنەوە و هۆش بە خۆیاندا بێننەوە و ماوەیەک لە ماڵەوە بن تا کاریگەری دەرمانی شێتییەکە نامێنێت. خەڵکەکە کە هەموو وەک یەک شێت ببوون لە قسەکانی پاشا تێناگەن و دەڵێن پاشا شێت بووە. پاشا زۆر بێتاقەت دەبێت و بە ژنەکەی دەڵێت من واز لە پاشایەتی دەهێنم، ئەم خەڵکە بە من چاک نابن. ژنەکەی پێیدەڵێت واز لە پاشایەتی مەهێنە، بڕۆ تۆش هەمان ئاوی شێتی، کە خەڵکەکە خواردویەتیەوە، بیخۆرەوە ئەو کات وەک ئەوانت لێدێت و ڕێبەرایەتی کردنیان زۆر ئاسان دەبێت.

کورد دەڵێت کە چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە، هیچ بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی وڵاتێکی دیکتاتۆری ناتوانێت ببێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سوید. تۆڕی سیستەمی دیموکراتی سوید ڕێگەی پێنادات دیکتاتۆر بێت، ڕێگەی پێنادات لە قوتابیەکان تووڕە بێت، ڕێگەی پێنادات قوتابخانەکەی ئاوی خواردنەوەی بۆ قوتابیەکانی نەبێت.  قوتابخانەکانی سوید شیاوی بەڕێوەبەرێکی دیکتاتۆری نین چونکە سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سیستەمێکی دیموکراتیە، مرۆڤەکانی بەبێ جیاوازی یەکبەهان.

جێگۆڕکێی ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا کارێکی ئاسانە و دوای هەڵبژاردن، دوور لە هەموو ڕووداوێکی دراماتیکی ڕوودەدات. لە بەرئەوەی ڕێبەرەکان لە سیستەمەکەی خۆیان بە باشی گەیشتوون. دەسەڵات نزیکیان دەخاتەوە لە کۆمەڵگاکەیان. لە سیستەمی دیکتاتۆریدا ڕێبەرەکانی وردە وردە دووردەکەونەوە لە کۆمەڵگا، تا وایان لێدێت نازانن شێوەی گوزەران و ژیانی خەڵک لە وڵاتدا چۆنە، کۆمەڵێک دەستوپێوەندی بەڵێ– وتەنی لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و ئەو وێنەیە دەدەنە دەست سەرۆک کە سەرۆک دەیەوێت بیبینێت.

لە سەرەتای ساڵانی 1800 کاندا، لە فەرەنسا، کاتێک فەرەنسییەکان دژی برسێتی و نەبوونی خۆپیشاندانیان دەکرد و دەیانوت نانمان نییە بیخۆین، ژنی سەرۆک پێیدەوتن ئەی بۆچی لە بری نان، کێک ناخۆن.

لە وڵاتێکی دیموکراتیدا ڕاستیەکان لێوانلێون بە ژیانی کۆمەڵگا، لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا ڕاستیەکانی سەرۆک، تەنیا ڕاستین. هەموو پرسیار دانانێک لە سەر ڕاستیەکانی سەرۆک کۆمەڵێک گرفت بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەر لەدەستدانی کارەوە تا لەدەستدانی ژیان.

لە پشت هەر بۆچوونێکەوە ڕاستیەک هەیە. بە بەپراکتیزەکردنی بۆچوونەکە ڕاست و چەوتی گونجاندنەکە دەردەکەوێت. ڕێگەگرتن لە وتنی ڕاستیەکان یان چەواشەکردنیان کۆمەڵگا تووشی شیزۆفرۆنیا دەبێت.

لە شەڕەکانی کەنداودا شاردنەوەی ڕاستیەکان و شێواندنیان هەموو گەلانی عێراقی تووشی نەخۆشی دووکەسایەتی کردبوو. ڕێبەرەکانی عێراق ببوونە نموونەی ئاشکرای شاردەنەوەی ڕاستیەکان. باشترین ڕێبەری عێراقی سەرلێشواوترین و دوورترین کەس بوو لە ڕاستیەکانەوە. وەزیری ڕاگەیاندن وەزیری چەواشەکردن بوو.

لە وڵاتێکی دیموکراتیدا بچوکترین چەواشەکردن و شێواندنی ڕاستیەکان، لەلایەن ڕێبەرانەوە، لە هەموو ئاستەکاندا، لێکۆڵینەوە و چاودێریکردنەوەی لێدەکەوێتەوە. تۆڕی کۆمەڵایەتی و سیاسی گوڵبژێری ڕاستیەکان دەکات. ڕێبەرەکان یا دەبێت ڕاستگۆ بن یا نابێت ڕێبەر بن. هەندێکجار بارودۆخی سیاسی یا کۆمەڵایەتی،

ڕێبەرێک ناچار دەکات کە هەموو ڕاستیەکان نەڵێت، واتە مەرج نیە هەموو ڕێبەرێکی دیموکراتی هەموو ڕاستیەکان بڵێت، بەڵام هەرچییەکی وت دەبێت ڕاست بێت.

ڕێبەر لە سیستەمی دیموکراتیدا هەمووکات یاسا بە سەروەر دەزانێت، یاسای هەڵبژاردن و ئەنجامەکەی دەستنیشانی کاتی بەجێهێشتنی کورسی دەسەڵات دەکات. زۆرجار پێش بڕیاری یەکلاکەرەوەی هەڵبژاردن، سەرۆکی پارتێک، لە ئەنجامی گوێگرتن لە دەوروبەرەکەی واز لە سەرۆکایەتی پارتەکەی دەهێنێت. هەندێکجار لە ئەنجامی خۆشەویستی و ڕێزدانان بۆ ژیان و گەورەیی ڕێبەرێک بەبێ هیچ شێوەیەکی دراماتیکی ڕێبەر کورسی دەسەڵات بەجێدێڵێت. ماندێلا بەو گەورەییەی خۆی ، لە بەهێزترین کاتی دەسەڵاتیدا، پشتی لە دەسەڵاتکرد، هەرچەندە هێشتا مانەوەی پێویست بوو بەڵام تێگەیشتنی بۆ بەرزی ژیان و دانی دەرفەت بە نەوەی نوێ وایلێکرد بکشێتە دواوە.